# پێشمەرگەکانی M.A.G بناسن

بەدرێژایی مێژووی پڕلەقوربانی دانی گەلی کوردستان، گەلەکەمان بۆ بەرەنگاربوونەوەی دووژمنانی، وشەی پیرۆزی پێشمەرگەیان هەڵبژارد، بۆئەوەی ناو لە جگەرگۆشانەی خۆی بنێت کە بڕیاردەدەن لەپێش هەموو شتێك مەرگی خۆیان بەخاك و نیشتمانەکەیان ببەخشن، بەدرێژایی مێژووی پڕ لە شکۆی گەلەکەیان لە ڕۆژە سەخت و خوێناویەکان لە سەنگەری پێشەوە جۆرەها خەباتیان لەسەر شان بووەو ئەنجامیان داوە، وە ئەم ناوە پیرۆزەیان پاراست، سەنگەرەکانی خەباتی ڕزگاری نیشتمانیان پێ ئاوەدان کردەوەو تاکو ئەمڕۆش هەر درێژەی هەیە، ئەمڕۆش لەدوای ڕزگاربوونی کوردستان بەجێمانی پاشماوەکانی دووژمن لە مین و تەقەمەنی کۆمەڵێك گەنجی گیان لەسەردەست خەریکن وڵات لەم پاشماوانە پاك دەکەنەوە کە بەڕاستی ئەوەدێنێ ناویان لێ بنێین پێشمەرگەو تەکانی ئێم ئەی جی کەبە کارێکی ئەوەندە پیرۆز هەڵدەستن کە بەڕاستی نازانم چۆن و بەچ زمانێك باسیان بکەم، ئەو کارەی ئەوان ئەنجامی دەدەن زۆر کەمتر نییە لە کاری پێشمەرگەکانی خەباتی ڕزگاری نیشتمانی، ئەوە دێنێ لەجیاتی بڵێین کارمەندانی ئێم ئەی جی بڵێین پێشمەرگەکانی ئێم ئەی جی، وە ڕێزگرتن و تەماشاکردنیشیان پێویستە وەك پێشمەرگەیەك بێت، بۆیە پێشنیاردەکەم بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان کە لەخۆبوردەیی ئەم پێشمەرگانەش لەبەرچاوبگرێ و شەهیدەکانی وەك شەهیدی پێشمەرگەو کەم ئەندامانی وەك کەم ئەندامانی سەنگەر حساب بکرێت، چونکە ئەگەر ئەحساسی نیشتمان پەروەری لە ناخی ئەوان ئامادە نەبێت ئەم بڕە مووچەیە لە بەرامبەر شەڕەفی ئەم کارە پڕ لەمەترسیە نییە، کە ڕۆژانە لەگەڵ کازیوەی بەرەبەیان قۆڵی مەردایەتی لێ هەڵدەکەن و دووژمنێکی شاراوە لەناو دڵی ئەم خاکە خۆشەویستەمان دەردێنن و نەخشە گڵاوەکانی بەعسی گۆڕبەگۆڕ هەڵدەوەشێننەوە.

تێبینی/ ئەم بابەتە لەسەر ئێم ئەی جی نوسراوە بەڵام مەبەستم سەرجەم ڕێکخراوەکانی هەڵگرتنەوەی مینە.

**ئەمیر حاجی کەمال**

# عێراق... لە چاوەڕوانی دیموکراسیدا یان لە چاوەڕوانی کۆتاییەکی ترسناکدا؟



ئەگەر لە قوڵی پرسە هەنوکەییەکانی کۆمەڵگەی عێراقی تێبگەین پێویستیمان بە خوێندنەوەیەکی جددی و لۆژیکی هەیە تا بتوانین شرۆڤەیەکی وردی ئەو ڕووداوو پێشهاتانە بکەین، کە ئێستا لە فەزای سیاسی عێراقدا، بوونەتە واقیع، ئەگەر چاوێك بە مێژووی ئەو وڵاتەدا بخشێنینەوە، دەبینین لەمێژووی دەسەڵاتی ئەم وڵاتەدا هەمیشە یەك شێوە ڕێچکەی سیاسی بوونی هەبووە ئەویش لەدیدو هزری تاکی عێراقی دا، بە دیکتاتۆر هەژمارکراوە، بگرە دەسەڵات لەکۆمەڵگای عێراقی لەبەرئەوەی بە خواستی تاکەکانی ڕەوتی نەکردووە، بۆیە ئەزموونی دەسەڵات لەم وڵاتەدا تا سەرئێسقان ئەزموونێکی تاڵ بووە، ڕابردووی عێراقیش گەواهی دەری ئەو ڕاستیەن، بۆیە هەموو پێکهاتەو جیاوازیەکانی ناو عێراق ئێستاشی لەگەڵدابێت دەربازیان نەبووە لە قەیران و بەڵکو بگرە قەیران بەشێکی ژیانی ئەوانی پێك هێناوە، لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراق و ڕووخانی ڕژێمی سەددام دەرگایەك بەڕووی تەواوی پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی عێراقی کرایەوە، بۆئەوەی ڕۆڵی خۆیان ببینن لە بنیات نانەوەو نۆژەن کردنەوەی عێراق لەڕووی سیاسی، ئابووری و فەرهەنگی، دوای ئەوەی گشت پێکهاتەکان دیموکراسی و پێکەوەژیانیان کردە ئامانجی سەرەکی خۆیان، تاکو بەم هۆیەوە کەشێکی وا بۆتاکەکانی کۆمەڵگاکەیان بڕەخسێنن تاکو هەست بە هاوڵاتی بوونی خۆیانەوە بکەن و بەشداری کاراشیان هەبێت لە بنیات نانەوەی وڵات دا، بێگومان هەڵبژاردن و پاشان دروست بوونی پەرلەمان یەکێکە لە سیما جوانەکانی دیموکراسی، بەڵام دیموکراسی لە عێراقدا زۆر کرچو کاڵی تێکەوتووەو ئومێدی ئەوە بەدیناکرێت کە چەمکی دیموکراسی ڕەگی قوڵی خۆی لەنێو سەرجەم کایەکانی ژیاندا داکوتێ، ئەمەیش لەبەرئەوەی لە لێدوان و گوتاری هەندێك لە هێزە شۆڤێنیەکان وا دەخوێندرێتەوە کە عێراق بەرەو ئاراستەیەکی نادیار بەرن، بۆئەوەی دیموکراسی ڕەگی خۆی شۆڕکاتەوە بەسەر گشت کایەکاندا پێویستە هەموو هێزو پێکهاتەکان لەبەرنامەو کاریاندا دیموکراسی ئامانجی لەپێشینەیان بێت، بەپێچەوانەوە هەر هێزو گروپێك ئەوەی سەرەوەی نەکردە بەرنامەی کاری خۆی، ئەوا لەعێراقدا دەسەڵاتێکی تەندروست و بێ کێشە چاوەڕوان ناکرێت، چونکە پێکهاتەی عێراق فرە ڕەنگ و فرە نەتەوەو فرە مەزهەبە، دەبێت هەموو پێکهاتەکان بە وورییایەوە مامەڵە لەگەڵ دۆخی عێراق بکەن ئەگینا عێراق کۆتاییەکی ترسناك چاوەڕوانی دەکات.

**■ هەڵمەتی خاڵە میر**

# حکومەتی هەرێم بۆ؟!



یەکێك لە ڕەگەزەکانی بە بنبەست گەیشتنی هەر کارێ: خستنەڕووی خیارات و هاوشێوەکان و هەڵسەنگاندنیانە لە ڕووی بابەتی و شێوەیی، وە لەبەرچاو گرتنی ئەو شوێنەی دەتەوێت ئەو کارەی تیادا پراکتیزە بکەیت، وە شیتەڵکردنی هۆکارەکان و دیاریکردنی ئامانجەکانە کە دواجار بەرەچاوکردنی ئەو خاڵانەی سەرەوە دەتوانی کارێکی تەندروست بەرهەم بهێنی، بێگومان ئەمە لە کۆمەڵگەیەکی تەندروست نەبێت مەیسەر نابێت، کۆمەڵگەیەك کە مرۆڤ تیایدا سالار بێت و ماف و ئازادیەکانی تاك تیایدا پارێزراو بێت، کۆمەڵگەیەك کە بەها مرۆڤایەتیەکانی تێدا لەق نەبوبێت، بەڵام ئەفسوس لەکۆمەڵگەیەك دا کە دەسەڵات تیایدا سالار و پیرۆزە ماف و ئازادیەکانی تاك دەبنە شەهیدی غەدر لە پێناو سەروەری و سەرداری کۆمەڵێکی مشەخۆر، کۆمەڵگەیەك کە خاوەن ویژدانێکی بیمارە ناڵەو هاواری هیچ کەساس و کلۆڵێك زات و جورئەتی ئەوەی نییە خۆی بدات لە قەرەی جوڵاندنی ویژدانی بەرپرسەکان، کۆمەڵگەیەك دەڵێی ژمارەیەکە لە هاوکێشە و دابەشکردنە سیاسی و ئیداریەکان، فلان کوڕی فلانە تەنها لەبەر ئەوەی فلانە و کوڕی فلانە وە کەسێکی ئیماندار و بەدەستنوێژە بۆ حزبەکەی خۆی، نە لەبەر ئەوەی کەسێکی شیاو و تەکنۆکراتە، چونکە ئەمانە بە بێ ئینتیمایەکی ڕەها بۆ جیهیەتی مەعنی وەکو شیری بێ هەوێن وایە و نابێتە ماست، دەبێت چاوەڕێی چی بکرێت لەو کارەی ئیدارەی ئەم حکومەتە؟ بێگومان ناعەدالەتی کۆمەڵایەتی، گەندەڵی ئیداری، کێبڕکێی ناشەریفانەی بۆ خۆ دەوڵەمەند کردن و گەیشتنە ئەو جێی دەسەڵات لەسەر حسابی ئەم و ئەو، زەوتکردنی مافە سەرەتاییەکانی ژیان و هاوڵاتی بوون کوشتنی ڕۆحی بەرهەمهێنان و پێشکەوتنی کۆمەڵگە لە هەموو بوارەکانی ژیان، ئیفلیجکردنی پرۆسەی بە مەدەنی کردنی کۆمەڵگە و چەق بەستنی لە شوێنی خۆی، وە لێ کە حکومەت نەیتوانی کابینەیەکی تەکنۆکرات و ئیدارەیەکی پرۆفیشناڵ دابمەزرێنێت، کە نەیتوانی وەزیر و مدیرەکان و بەپرسەکان لەسەر ئەساسی لێهاتوویی و پسپۆڕی هەڵبژێرێت، وە فەرمانبەرەکانی بە ئاراستەیەکی ئەکادیمیانە ئاراستە بکات بە دڵنیاییەوە ئامانجەکانی نێگەتیڤ دەبن پرۆژەکانی کورد وتەنی" بە لینگاو قوچی" لە دایك دەبن و بە ساوایش توشی بەد خۆراکی دەبن و وە دەبێت " انا لله و انا اله راجعون" ی بۆ بڵێین، خوێنەری بەڕێز مەبەستم لەم زەمینە سازیە ئەوە بوو کە هەڵوەستەیەك بکەم لەبەردەم پرۆژەکەی قوتابخانەی سەرەتایی قەسرێ کەلەگەڵ چرکەی دەست پێکردنی ساڵی نوێی خوێندن خرایە ژێر نۆژەن کردنەوەو بوە هۆی ئاوارەبوونی قوتابیانی قوتابخانەی قەسرێی سەرەتایی بۆ باخچەی ساوایان و ئەوانیش خوا خێری ئەوکەسە بنوسێت کە خانووەکەی پێداون، وە قوتابیانی ناوەندی ڕۆژانە نزیکەی کیلۆمەترێك ڕێ دەبڕن ئەوانیش لەلای قوتابخانەی سەرەتایی ماکۆسان میوانێکی ڕەزا گرانن، ئەفسوس بێ بەرنامەیی و بێ پلانی لەکارو پرۆژەکانماندا بۆتە کولتورێکی باو، چونکە ئامانجی کارەکانمان روون نییەو نازانین بۆچی کاردەکەین، وە بەچ ئالیەتێك و میکانزمێك ئەنجامی بدەین و لەچ کات و شوێنێك پراکتیزەی بکەین، هەموو ئەوانەو کۆمەڵێك شتی جددی تر لە حکومەتە خۆماڵیەکەی خۆمان پرس نین و جێگای باس و گرنگی پێدان نین، بەڵکو ئەوەی ئامانجی تاکە چۆن ڕموزە دیاریکراوەکان دتوانن سود مەندبن لە پرۆژەکەدا، لەوێ بەولاوە دەرەنجامی نێگەتیڤ دەبن و شوێنەواری خراپ بەجێ دەهێڵن و وڵات کاول دەبێت ئەمە گرنگ نییە لای ئەوان، ببورن بیرم کەوتەوە لەوانەیە لەبەر گەرمای هاوین و پەتای سك چوون نەیان توانیبێت لە پشووی هاوین پرۆژەکە ئەنجام بدەن، بەڵام دڵنیابن ئەگەر پەتای ئەنفلەوەنزای باڵندەو سەرماو نەبوونی سووتەمەنی هاوڕێیەکی گیانی بەگیانیمانە لەوەرزی زستان، خوێنەری بەڕێز بە دڵنیایەوە بیستووتەو دەیزانی کە شتە سەر سورهێنەرەکان حەوتن، بەڵام بە بۆچوونی تۆش بێ پلانی لەکارەکانمانداو پرۆژەکانمان بەو شێوەیەی کە دەیبینین مافی ژمارە هەشتیان نییە، لەم ڕیزبەندییە، وەڵامەکەی بۆ خوێنەرانی بەڕێز جێدەهێڵم.

**■ ئەحمەد مەحمود ئەحمەد**

# بەداخەوە بۆ خوێندکارنی د.قاسملۆ

من ئەگەرچی ئاگام لەنهێنیەکانی ناوباڵەکانی پارتی دیموکڕاتی کوردستانی ڕۆژهەڵات نییەو باس لەکێشەی نێوانیان کاری من نییە، تەنها ئەوەندە نەبێت چەند کتێبێك و نوسراوێکم لەسەر خەباتی قاسملۆو سیاسەتی ژیرانەو مۆدرێنانەی، لەخۆبوردەیی بۆ کێشەی ڕەوای گەلەکەیی و بۆ تێکۆشانە پیرۆزەکەی حزبەکەیان کە جێگای ڕێزو فەخرو شانازییە بۆ هەموو کورد بەگشتی و حزبی دیموکڕات بەتایبەتی خوێندۆتەوە، کەم پێنوس دەتوانن باس لە گرنگی بەڕێز دکتۆر قاسملۆ بکەن، من نامەوێت باس لە کەسایەتی بەڕێزیان بکەم تەنها ئەوەندە نەبێت کە دەبێت لەڕابردووی ئەو دەرس وەربگرین، بابگەڕێمەوە سەر باسی ئەمڕۆی ئەم پارتە کە لە کاتێکی زۆر هەستیاردان و زۆر گرنگە یەك گرو یەك دەنگ بن، نەك هەر حزبی دیموکڕاتی ڕۆژهەڵات بەتەنها، بەڵکو لەگەڵ هەموو حزب و ڕێکخراوو گروپ و کۆمەڵەکانی کوردی و غێرە کوردییە، بەرژەوەندی هاوبەشە نیشتمانیەکەیان بەرەیەك دامەزرێنن لەسەر ئەساسی بڕوابوون بە کێشە ڕەواکەی گەلەکەیان و خەباتی هاوبەش بۆ هێنانەدی ئاواتی خۆیان و گەلانی ئێران، سەربەخۆیی بۆ کورد نەك تاکە حزبی دکتاتۆری کوردایەتی نەگرونەو کلۆڵبێ، ئێوەن خاوەنی ئەو هەڵوێستە کە بەچاوی کوردانە دەڕواننە ئەو پارچە ئازادکراوەی کوردستانی باشوور، هەموو چالاکیەکی سەربازیتان وەستاندووە بۆ پاراستنی ئەم ئەزموونەی ئەم پارچەیە کە جێگای فەرخرو شانازی و ستایشە لەلایەن هەموو کورد پەروەرو خاوەن ویژدانێك، وەبەم حزبە کادرە زۆر قاڵبویەو خاوەن مەبدەئی پاك ناسراون، کەچی لەم ساتە وەختە هەستیارەی ناوچەکەو بارودۆخی کورد باس لە جودایی و بەش بوون دەکەن، کە ئێوە ئەرکێکی نەتەوایەتی قورستان لەسەر شانە کەدەبێت کاروانەکەتان بگەیەننەجێ، وەڵامی هەواداران بدەنەوە بە ئازادی بۆیان، نەك جودایی کە بوە جێگای نیگەرانی بۆ هەموو کوردێك زەرەر بە ڕابردووتان بگەیەنن، هەرچی هەتانە بەلایەوە بنێن و سەیری ڕابردووی کوردستانی باشووربکەن، ناکۆکیەکانی نێوان (پ,د.ك و ی.ن.ك)باشترین تاقیکردنەوەو دەرسە لەمێژوو نابێ هەڵەی مێژوویی دووبارەبکەینەوە، ئەم دووپارتە تەنها یەککگرتوویی بە ئامانج گەیشتن، ئەو جیاوازیەی ناو (ی.ن.ك) کە بەسیاسەتی حەکیمانەی مام جەلال زۆرینەی بیرو ڕاجیاوازەکان پوختەکران و لێك نزیك کرانەوە بڕیاردرا یەکێتی ناو (یەکێتی نیشتمانی کوردستان بپارێزن) هەموویان بەو یەکێتیەوە جوانن، بۆیە هەقە ژیری خۆتان ناوبژیوانتان بێت نەك کەسانێ بۆ بەرژەوەندی خۆیان کاربە عەقڵتان بکەن، کە دڵنیام وریاترن لەو جۆرەکەسانە کە عەقڵ ڕابەرتان بێت، لەمێژە حاجی قادری کۆیی ئاگاداری کردینەوەو دەڵێت " تاکو یەك نەگرن قەبیلەی ئەکراد، هەروادەبن خەرابە ئاباد " بەهیوای یەککگرتن و سەرکەوتن لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بە ئازادی و سەربەخۆیی و فرەبیری دوور لە شەڕی دەسەڵات و خۆخۆری، وە ئیدارەدانی سەردەمیانەو داد پەروەرانە، چونکە ڕۆژی ئازادی کوردستان هەردێ بەڵام لەم ڕۆژەدا دژی ئەم دێڕەبن "تا هەڵەنەکەین ڕاستی فێرنابین" چونکە هەڵەمان زۆرکرد مێژوو هیچی تر بوارمان نادا هەڵەبین ناگەڕێتەوە باهەلی تر لەدەست نەدەین، سەرکەوتن بۆ هەموو کوردستانی ڕۆژهەڵات، سەرکەوتووبن.

**■ باڵەك دەربەندی**